کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
26-6-2007 21:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ ئەم عەشقەمان دەکوژی! ... شێرکۆ جەلال

گەردەم بینی
لەژوورەکەم دانیشتووم
باوەڕمەکە بەڕێکەوتە
گەردەم بینی
بیرەوەریم دەسووتێنم
ئەوە ئازیز
باش بزانە
کەحەزناکەم
داهاتووشمان بدۆڕێنم
ئەگەرنەم وویست جارێکێ تر
بەسەرمەستی بۆنت بکەم
یان بتنینم
ئەوەهەستی چێژم ژەنگی هێناوە
ستێرەی چاوانم ڕژاوە
شادکامی دڵم مردووە
ناخێکی زەردی تەنیووە
گەردەم بینی
بەڕووکار گەنجووجوانم
قەدوو بالآم تێك نەشکاوە
باوەڕکەپێم
قەدی تەمەن هەڵوەریوە
چەشنی قەدی پیرەدار رزیوە
تۆنازانی کەدەتبینم
بۆچاوم کنگەخەو دەگری
چەشنی جاران
کڵپە کڵپی دڵ نامگری
چاوم گلانت لێدەگری
وەکوجاران گۆنات ناگوشم
گۆی مەمانت تیر تیر نامژم
بەبێ ژمارە لەگۆماوی گوڵستانی لێوت
گوژمەی ماچت لێناگرم
بۆیە ئازیز
لەوەدەچێ
هەستی سۆزمان گەنگەڵ بووبێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

26-6-2007 21:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چاوی زەمانەش کوێربووبێ
لەمەو بەدوا دڵەکانمان گیرۆدەی
دڵی یەك نەبێ
کەچی ئازیز
لەگێژاوی ئەم عەشقەدا
تۆش دەتەوێ
گشت پەنجەرەم لەسەر داخەیت
لەگێرەی ئەم عەشقە دۆڕاوە
لەگیانەڵان بەجێم بێڵی
من دەزانم
لۆمەت زۆرە
لەدوورەوەش تۆناتەوێ
قسەکانم لەبێژنگ دەی
لەپاڵ ئەم غەمە گەورەدا
لەپێناوی ئەم عەشقەدا
دووپەیڤی بەزەیی و لێك بووردن
لەلێزمەی فرمێسکی هەردووکمان
لەلێك دابڕان و ڕۆیشتن دا
بووەستێنی
بۆیە ئازیزباش بزانە
زۆربەپەلەین لەبڕیاردان
لێ گۆڕانەسرووشتمان
بۆیە گیانە
لەوەدەچێ
دواهەناسەم لێ بستێنی
ئەو دڵەی کە پێم دابووی
بەهاسانی بی سووتێنی.... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.